# مێژووی سەدام لەسەر عەرەب تۆمار دەکرێ

**هاشم عەبدوڵلا محێدین**





کاتێ دادگەی باڵای تاوان لە عێراق، لە پێوەندی دۆسیەی دوجەیلدا سەدام حوسێنێ وەک تاوانبار ناساند و سزای مەرگی بۆ بڕیەوە ، نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتی : سەدام شایانی ئەو سزایە ، بەڵام لەسەر هیچ نەتەوەو گرووپێک حیساب نیە و خۆی لە تاوانەکانی خۆی بەرپرسیارە ! . مالیکی بەو دەربڕینە دەیەوێ وا لەخەڵک بگەیەنێ کە سەدام حوسێن نوێنەرایەتی هیچ نەتەوە و گرووپێکی نەکردووەو مێژووەکەشی لەسەر کەس حیساب ناکرێ ، ئەوەش بەو واتایەیە کە عەرەب ستەمی لە نەتەوەکانی ژێردەست نەکردووە . لەو دەربڕینەدا مالیکی دەیەوێ بڵێ : ئەوە حزبی بەعس بووە کە دڕندایەتی نوواندووەو ستەمی لە کوردو تورکمان و ئاشووری کردووە .

راستیەکەی سەدام حوسێن و حزبی بەعس بە کردەوە نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەبیان دەکرد ، هاوکاری بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینیان کردبووە ئارمانجی خۆیان. لە جیاتی وڵاتانی عەرەب پاسەوانییان لە کەنداوی عەرەبی دا دەکرد . سەرانی وڵاتانی کەنداو بەو هۆیەوە گەورەترین کۆمەکی داراییان پێشکەش بە سەدام و رژێمەکەی دەکرد . ئێستا کە سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە ، ناکرێ بە چاویلکەی دیکەوە لە رابردوو بڕوانرێ و ئەو مێژووە بسڕدرێتەوە کە تاوانبار دروستی کردووە . مێژوو بە لایەنی چاک و خراپیەوە دەنووسرێتەوە ، بە پێناسەی کەسەکانەوە دەناسرێتەوە ، سەدام سەرکردەیەکەی عەرەبی و سەرۆکی حزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە ، لەو روانگەیەوە مێژووی سەدام و حزبی بەعس بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی نەتەوەی عەرەب .

نوری مالیکی باش دەزانێ کە سەرانی بەغداد نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەبیان کردووە ، لەپەنای پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبەوە شەڕی جینۆسایدیان لەدژی گەلی کوردستان ئەنجام داوە . سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن و بەبەعسی کردنیان دژ بە کورد پێڕۆکردووە . نوری مالیکی دەزانێ کە سەرانی پێشووی بەغداد ستەم و زۆرداریان کردووە ، دەبێ ئەو بوێریەی تێدا هەبێ و راشکاوانە داوای بووردن لە نەتەوە ستەملێکراوەکان بکات .

لەمێژوودا نموونەی لەوجۆرەمان زۆردیووە . هەرکاتێ حکومەتێک ستەمی بەرانبەر بە نەتەوەیەک نواندبێ ، حکومەتی دواتر ئەگەر باوەڕی بە سیاسەتی ئەوانەی پێشوو نەبووبێ، داوای بووردنی لە نەتەوە ستەملێکراوەکە کردووە و یستوویەتی ئەو مێژووە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەو نیشتمان دەبهێنێ . باشترین نموونەی بەردەستیش ئەڵمانیایە ،سەرکردەکانی دوای دووەمین جەنگی جیهان هەوڵیانداوە مێژووی هیتلەر لە مێژووی ئەڵمانیا جودا بکەنەوە . هەروەها سەرکردەکانی ژاپۆن بە پۆزش هێنانەوە بۆ کۆریەکان هەوڵیانداوە مێژووی دەستەڵاتدارانی پێشووی ژاپۆن لەسەر گەل و نیشتمانەکەیان تۆمار نەکرێ .

نوری مالیکی ئەگەر دەیەوێ سەدام و هاوکارانی لەسەر نەتەوەی عەرەب پێوانە نەکرێن ، دەبێ بە شانازییەوە نەفرەت لەوان بکات و داوای بووردنیش لە نەتەوەی کورد بکات کە لەسەر دەستی دەستەڵاتدارانی بەغدادەوە شەڕی جینۆسایدی لەدژدا ئەنجام دراوە . ئەگەر نوری مالیکی دەیەوێ تاوان و کردەوە قێزەوەنەکانی سەدام و داربەدەستەکانی دیکەی بەعس لەسەر مێژووی نەتەوەی عەرەب نەنووسرێن ، دەبێ لەوتارێکی راستگۆیانەدا دان بەو تاوانانە بنێ کە سەرانی رژێمی بەعس و ئەوانەی پێشووتر دژ بە گەلانی عێراق ئەنجامیان داوە . ئەگەر نوری مالیکی دەیەوێ عێراقێکی جیاواز فەرمانڕەوایەتی بکات ، دەبێ لاسایی ئەوانەی پێشوو نەکاتەوە و سیاسەتێکی راستویژانە بگرێتەبەرو شکۆمەندی بۆ گەلانی عێراق بگێڕێتەوە و پارێزگاری لە سەروگیانی وڵاتیان بکات . ئەگەر نوری مالیک دەیەوێ لاپەڕەیەکی نوێ لە عێراقی نوێدا بکرێتەوە ، لانی کەم دەبێ راستیە مێژوویەکان لەبەرچاو بگرێ و لەژێر رۆشنایی ئەو راستیانەوە سیاسەت بکات و خۆی بۆ راژەکردن تەرخان بکات .

سیاسەتی چەند مانگەی مالیکی هێندە هیوابەخش و رۆشن نەبووە تا داهاتووی لەسەر ئاوا بکرێ . مالیکی هەنگاوێکی راستویژانەی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستانی هەڵنەهێناوەتەوە . ئەو بۆ رازیکردنی دڵی دەوڵەتی تورکیا، نوێنەرێکی خۆی و نوێنەرێکی بەرەی تورکمانی بۆ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک زیاد کردووە ، بەمەش گەورەترین گرفت و کۆسپی لەبەردەم ئاسایی کردنەوەی رەوشی شارەکە قوت کردۆتەوە ، کەواتە مالیکی نەوەک هەر پێی ناکرێ مێژووی سەدام و حزبی بەعس لە نێو مێژووی نەتەوەی عەرەب دەربهێنێ ، بەڵکو واخەیکە مێژووەکە ئەستوورتر دەکات. مالیکی کە بەخشکەیی سیاستەی رژێمی پێشوو دەرهەق بە کوردستان سەرراست دەکاتەوە و مێژوو دووپات دەکاتەوە ، دەبێ وەڵامی پرسیار و ئەگەرەکانی داهاتوو بداتەوە .

# راگەیاندراوێکی رۆژنامەوانی

رۆژی ٤-١١-٢٠٠٦ دەستەی کارگێڕی **بەرەی گۆڕان** بۆ شرۆڤە و تاوتوێکردنی رەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کۆبۆوە . کۆبوونەوەکە زیاتر لە ٥ کاتژمێری خایاند، بەوهۆیەوە بە پێویستی دەزانین کە سەرجەم کوردستانیان لە ئاکامی کۆبوونەوەکە ئاگادار بکەینەوە :

**بەرەی گۆڕان** خۆشحاڵی خۆی بەرانبەر ئەو پێشوازییە فراوانەی جەماوەر لە دامەزراندنی بەرەی گۆڕان و خواستی بەرئەندامێتی دەردەبڕێ کە لە دوای دامەزراندنی بەرەی گۆڕانەوە دەستی پێکردووە، لەو پێوەندیەدا بەڵێن بۆ کوردستانیان دووپات دەکاتەوە کە شێلگیرانەتر درێژە بە کارو تێکۆشانی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیەکانی ئەوان دەدات و راوەستاوانە بۆ مسۆگەرکردن و وەدەستهێنانی متمانەی کوردستانیان تێدەکۆشێ .

**بەرەی گۆڕان** لە پێناو جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لێبڕاوانە تێدەکۆشێ و پشتیوانی لە هەوڵ و کۆششی لیژنەی ئاساییکردنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک و لیژنەی پشتیوانی لەو لیژنەیەدا دەکات، دەست تێوەردانی خودی سەرۆکوەزیرانی عێراق بە زیادکردنی نوێنەری خۆی و نوێنەرێکی بەرەی تورکمانی لەو لیژنەیەدا کە رەوشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، رەخنە دەکات. راشکاوانە دەخوازێ تا ماف و رەوایەتی بۆ ستەملێکراو و دەرکراوەکان بگێڕدرێتەوە و رەوشی ئاڵۆزی پارێزگاکە ئاسایی بکرێتەوە، دەستوبرد لە زەمینەسازی بۆ بەڕێوەبردنی ریفراندۆم بکرێ. هەر لەو پێوەندییەدا دەخوازێ کە ئالیەتێکی هاوبەش لە حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکان و تێکڕای خەڵکی کوردستان بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانە پێکبهێنرێ.

**بەرەی گۆڕان** سیاسەتی ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی لەبەرانبەر کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لە قاودەدات، سیاسەتی بادانەوە لە عێراقێکی فیدراڵی و لەبەرچاو نەگرتنی خواستی نەتەوەو پێکهاتەکان کە ئێستا حکومەتی ئەمریکا پەیڕەوی لێدەکات، ریسوا دەکات . هێزی فرەڕەگەزەکان لە نەگێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی شارەکانی کەرکوک و موسڵ و شوێنەکانی دیکە بەرپرسیار دەزانێ ، لەبەرانبەر ئاڵۆزبوونەوەی رەوشی ئەو دواییانەی شاری کەرکوک رەخنەیان لێدەگرێ، لێیان دەخوازێ کە چیتر لەپەنای سەرخستنی بەرنامەکانی خۆیانەوە پاراستنی سەرو گیانی خەڵکی سڤیل فەرامۆش نەکەن.

**بەرەی گۆڕان** جارێکی دیکە سەرنجی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بۆ سەر پەروەندەی سیخوڕانی بەعس لە کوردستان رادەکێشێتەوە، لێکۆڵینەوەو هەڵدانەوەی ئەو پەروەندانە دەخوازێ. بەهۆی ئەوەی کە خەمساردی و هەوڵی پەردەپۆشکردن و لەبیربردنەوەی ئەو پەروەندانە بەڕێوەدەچێ رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەگرێ و لێیان دەخوازێ کە ئیتر راستیەکان ئاشکرا بکرێن و کرۆکی کێشەکە بۆ کوردستانیان بخرێتەڕوو.

**بەرەی گۆڕان** بە نیگەرانیەوە لە قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی سووتەمەنی و کەمی کارەبا دەڕوانێ، لە کاتێکدا کە بەخێرایی وەرزی سەرماو سۆڵە روو لە کوردستان دەکات و وڵاتیان دووچاری نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکاتەوە، کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەمساردییەوە لە قەیرانەکان دەڕوانێ و هەوڵی چارەسەرکردنیان نادات. حکومەتی هەرێم لە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراقدا بە بەرپرسیار دەزانێ و خوازیارە کە بەخێرایی وەڵامی ئەو پرسە بداتەوە .

**بەڵێ بۆ گۆڕان..**

**بەڵێ بۆ پێشکەوتن..**

**دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان**

**٢٠٠٦-١١-٤**

# تا کۆتایی هاتنی دۆسیەکانی دیکە با سەدام لەسێدارە نەدرێ

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان !**

**بنەماڵەی قوربانیانی شاڵاوی ئەنفال**

**کەسوکاری ئەوانەی کە بە کیمیاوی شەهیدکران !**

رۆژی ٥-١١-٢٠٠٦ دادگەی باڵای تاوان لە پێوەندی دۆسیەی تاوانی دوجێل دا سزای مەرگی بەسەر تاوانباران سەدام حوسێن، عەواد حەمەد ئەلبەندەر و بارزان حەسەن تکریتی دا سەپاند. سەپاندنی ئەو سزایە رەوایەتی بۆ دەستەڵاتی دادوەری عێراقی گێڕایەوە و دڵی ئەوانەی کە جەورو ستەمیان لەسەر دەستی رژێمی بەعس چەشتبوو، بانگەوازی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن، شادکرد . بەوهۆیەوە کوردستانیان لەهەمووان زیاتر دڵیان بەوەخۆشە کە سزای مەرگ بەسەر ئەو تاوانبارەدا سەپێنراوە کە شەڕی جینۆسایدی لە دژی گەلی کورد بەڕێوەبرد و کوردستانی بە سوتماک کرد و شاڵاوی ئەنفال و قڕکردنی ئەنجام دابوو، بەڵام هێشتا دادگەییکردنی سەدام حوسێن و تاوانبارانی دیکە سەبارەت بە دۆسیەی ئەنفال و بەسوتماککردن و کیمیا بارانکردنی کوردستان تەواو نەبووە ، دەخوازن کە دادگەی باڵای تاوان ئەو دۆسیەیەش یەکلایی بکاتەوەو شاڵاوی ئەنفال و بەکاهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە کوردستانیان بە شەڕی جینۆساید دژ بە نەتەوەی کورد بناسێنێ، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو سزایە لەم کاتەدا خزمەت بە کێشەی کوردستان و بنەماڵەی قوربانیان ناکات، لەو پێوەندیەدا لەلایەنی پەیوەندار دەخوازین تا دادگەییکردنی سەدام و تاوانبارانی دیکە سەبارەت بە دۆسیەی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی سڤیل کۆتایی دێ، سزاکە جێبەجێ نەکرێ و راوەستێندرێ.

هەر لەو پێوەندیەدا داوا لە رێزدار مام جەلال سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و رێزدار کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و تێکڕای پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق دەکەین کە هەوڵی خۆیان بدەن تا لەم کاتەداو تا تەواوبوونی دادگەییکردنی سەدام لەسەر دۆسیەی ئەنفال سزاکە جێبەجێ نەکرێ، چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین سەپاندنی سزای مەرگ بەسەر سەدام بەر لە کۆتایی هاتنی دادگەی دۆسیەی ئەنفال واتای شاردنەوەی ئەو تاوانانە دەگەیەنێ کە رژێمی بەعس دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوەی بردوون، هاوکات نکۆڵی کردنیشە لە شەڕی جینۆساید کە رژێمی بەعس دژ بە کوردستانیان ئەنجامی داوە.

هەر لەم روانگەیەوە داوا لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان دەکەین تا گوشاری خۆیان دەکاربێنن و داوای بەردەوامکردنی پرۆسەی دادگەییکردنی سەدام و تاوانبارانی دیکە بە ئامادەبوونی خودی سەدام لەنێو هۆڵی دادگەدا بدەن.

ئێمە وەک بەرەی گۆڕان لە کاتێکدا سەپاندنی سزای مەرگ بەسەر تاوانبارێکی وەک سەدام حوسێن بەڕەوا دەزانین، بەو بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و عێراق دەکەین، لەهەمان کاتدا داواکارین تا کۆتایی پرۆسەی دادگەییکردن سزاکە جێبەجێ نەکرێ، دەخوازین تەواوی بەڵگەنامە پەیوەندارەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد پێشان بدرێن و جیهانیان لێ ئاگادار بکرێتەوە .

**دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان**

**٢٠٠٦-١١-٥**

# دیموکراتەکان دەنگی ئەمریکیەکان وەردەگرن

**ڕۆژی گەل**

ئاکامی نیوەی هەڵبژاردنی کورسیەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە بەرژەوەندی دیموکراتەکان تەواوبوو. بەوهۆیەوە میدیاکانی جیهان بەبایەخەوە ئاکامەکەیان بڵاوکردەوە . سەدان رۆژنامە و بڵاوکراوەش خوێندنەوەی خۆیان سەبارەت بەو رووداوە پێشاندا. هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە سیاستەکانی جۆج دەبلیو بووش ئەو ئاکامەی بەرهەمهێناوە . رۆژنامەکانی فەرەنسا لە هەمووان زیاتر سیاسەتەکانی بووشیان زەقکردەوەو رەخنەیان لێگرت . رۆژنامەی لەفیگارۆ کە ناودارترین رۆژنامەی فەرەنسایە رۆژی ٢٠٠٦/١١/٩ هێرشێکی بەربڵاوی کردۆتە سەر بووش و بە کەسێکی تێکشکاوی ناودێرکردووەو نوسیوویەتی : پاش ئەوەی تەواوی رەسیدە سیاسیەکانی خۆی تەفروتونا کرد، تەنها چەند رێگەیەکی کەمی لەبەردەم ماوەتەوە .

رۆژنامەکە پێیوایە بووش تەنها رێگەی رزگارکردنی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناقینی لەبەردەم ماوەتەوە ، ئەمەش بە دادگەیی کردنی سەدام حوسێن تەواو نابێ . رۆژنامەکە لە دویماهیدا دەنووسێ : نیشتنەوەی بووش لە جەهەنەم لە دەستپێکدایە .

هەر لەم پێوەندیەدا فاسینۆ سکرتێری پارتی چەپی دیموکراتی ئیتالیا بە رۆژنامەی ( ئۆنیتا)ی راگەیاندووە کە ئەمریکیەکان سەلماندیان کە چیتر بەو تراویلکەی بووش رازی نابن کە ماوەی چەند ساڵێکە بۆی دروست کردوون .




دۆڕانی کۆماریخوازەکانی ئەمریکا سەرچاوەی لە هەڵپە و سیاسەتەکانی جۆرج بووشەوە گرتووە . ئەندامانی پایەبەرزی کۆماریخوازەکان ئەو راستیە دەزانن ، هەر لەدەستپێکدا رامسفیڵدی وەزیری بەرگری دەست لەکارکێشانەوەی راگەیاند . دەستە لە کارکێشانەوەی وەزیری بەرگری یەکەمین خشتە کە لە پەیکەری کابینەی بووشەوە دێتەدەرێ ، بەمەش پێگەی ئەو پەیکەرە لاوازتر دەکات .

دۆڕانی کۆماریخوازەکان وێڕای ئەوەی کە شکستی سیاسەتەکانی ناوەکی و دەرەکی بووش خۆیا دەکات ، لەهەمان کاتدا ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە دەنگی جەماوەر زۆر لە قەوارە و هێزی سەرکردە و حزبەکان گەورەترە . هەرکاتێ جەماوەر رابێتەوە تەلسمی ئەوان بەتاڵ دەبێتەوە . لەم پێوەندیەدا دەبێ تەواوی دەستەڵاتدارانی وڵاتان ئەو راستیەیان وەبیر بێتەوە ، ئەگەر دەنگی گەل نەبیستن و گوێ لە خواست و داخوازیەکانیان رانەگرن ، لافاوی دەنگی ناڕازیان کورسی دەستەڵاتیان لێ رادەماڵێ و سەرگەردانیان دەکات .

نانسی پلۆسی سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە یەکەمین ژنە لە مێژووی ئەمریکادا ئەو پۆستە وەردەگرێ ، لەبەردەم راگەیاندنەکاندا گوتی : ئەمریکیەکان لە ناچارییەوە باوەڕو متمانەیان بە دیموکراتەکان دا ، ئێمە رێز لەو متمانەیە دەگرین و هەناسە ساردیان ناکەین .

قسەکانی نانسی پشتیوانیکردنێکی ئاشکرابوو لەوەی کە دەگوترێ :گەل سەرچاوەی دەستەڵاتە ، ئەوەی متمانەی گەل بدۆڕێنێ ، هەموو شتەکانی خۆی لەدەست دەدات